### ❖ پرسیار و سنوردارکردنی :

هەروەها کە باسمان کرد یەکەمین هەنگاوی دەست پێ کردنی توێژینەوەی زانستی درووست بوون یان هاتنە پێشی پرس یان کێشە یان پرسیارێکە ، ئاشکرایە تا ئەو کاتەی پرسیارێك لەسەر بابەتێك لە مێشکی مرۆڤ دروست نەبێت توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە دروست نابێت .

بۆ نمونە : بەسەرهاتی (ئیسحاق نیوتن) و کەوتنە خوارەوەی سێوەکە لە درەختەکە کە ئەگەر لە کاتی ئەم ڕووداوە لە مێشکی نیوتن ئەم پرسیارە دروست نەبوایە کە لەبەرچی سێوەکە بەرەو زەوی کەوتە خوارەوە نەیدەتوانی هێزی کێش کردنی زەوی بدۆزێتەوە .

(فرێدریك كۆرلینجەر) پێی وایە کە هەموو پرسیارێك دەبێت ئەم سێ مەرجەی تێدا بێت :

1. پرسیاری توێژینەوە دەبێت باس لە پەیوەندی نێوان دوو یان چەند بگۆڕ بکات .

بۆ نمونە : ئەگەر پرسەکە پەیوەندی بە دوو فاکتەری (A و B) هەبێت دەبێت پەیوەندی نێوان ئەم دوو فاکتەرە دیاری بکات .

2. پرسیاری توێژینەوە دەبێت بە شێوەی پرسیار بخرێتە ڕوو . واتا لە جیاتی ئەوەی بڵێین (A) هۆکاری سەرەکی دروست بوونی (B) یە دەبێت بڵێین ئایا (A) هۆکاری سەرەکی دروست بوونی (B) یە ؟ نابێت لە بیرمان بچێت کە پاش نوسینی پرسیار دەبێت نیشانەی پرسیار (؟) دابنێین .

بۆ نمونە : تاوتوێ کردنی هۆکارەکانی کۆچ کردنی گەنجانی هەولێر بۆ ئەوروپا لە ساڵانی (2005 تا 2010).

بێکاری چ کاریگەریەکی هەیە لە سەر کۆچ کردنی گەنجانی هەولێر بۆ ئەوروپا ؟

3. پرسیار دەبێت شیاوی تاوتوێ کردن ، هەڵسەنگاندن ، ئەندازەگرتن و تاقیکردنەوە بێت .

جگە لەم سێ مەرجە کە (کۆرلینجەر) دایناوە، پرسیار دەبێت ئەم دوو مەرجەشی تێدا بێت :

1. ڕوون و ئاشکرا بێت واتا نابێت چەمك و وشەی ئاڵۆزی تێدا بەکاربهێنرێت .
2. نابێت وشە و چەمکی بەهادار بەکاربهێنرێت .

❖ نمونە بۆ سنوردارکردنی ناونیشانی توێژینەوە و پرسیاری توێژینەوە :

نموونەی یەکەم:

1- تاوتوێ کردنی پرسە سیاسی، ئابووری و کلتوریەکان لە جیهانی سێیەم .

2- تاوتوێ کردنی پرسە سیاسییەکان لە جیهانی سێیەم

3- تاوتوێ کردنی پرسە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

4- تاوتوێ کردنی پرسە سیاسییەکان لە عێراق .

5- تاوتوێ کردنی دروست نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق .

6- تاوتوێ کردنی دروست نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق لە 1921 تاوەکو 2010.

بەم شێوەیە دەبینین کە بابەتێکی زۆر فراوان و ئاڵۆزمان لە ژمارە یەك گۆڕی بۆ بابەتێکی روون و زانستی ژمارە شەش .

دەتوانین ئەم پرسیارەش بۆ بابەتی سەرەوە دابنێین :

- ❖ دروست نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی چ کاریگەریەکی لەسەر سیستەمی سیاسی عێراق درووست کردووە ؟

هەروەها دەبینین پرسیارەکەمان هەموو مەرجەکانی دروست کردنی پرسیاری تێدایە .

نمونەی دیکە :

1. ناونیشان : تاوتوێ کردنی ڕێژەی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان و پەیوەندی بە جیابوونەوەی هاوسەران لە گەڕەکی عەنکاوەی هەولێر لە ساڵانی (2015 تا 2018).

   پرسیاری توێژینەوە : چ پەیوەندیەك لە نێوان تووش بوون بە مادده هۆشبەرەکان و جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکتر هەیە لە گەڕەکی عەنکاوەی هەولێر؟

2. تاوتوێ کردنی تیرۆر لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان پاش ڕووداوی (11ی سێپتەمبەری 2001) .

   تیرۆر چ کاریگەریەکی هەبوو لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان لە نێوان ساڵانی (2001 تا 2010) ؟

❖ ***سەرچاوەکانی دیاری کردنی پرسیاری توێژینەوە :***

توێژەر بە پێی چەند سەرچاوەیەك پرسیاری توێژینەوەکەی بۆ دروست دەبێت کە بریتین لە :

1. پرسیار کردن : مرۆڤ بە هۆی توانای عەقڵی و فکری بەردەوام لەسەر جیهان و بابەتە جۆراوجۆرەکانی بیر دەکاتەوە ، کەواتە هەردەم لەبەردەم زانیاریەکان نەزانراوێك دێتە پێش ، هەندێك جار خستنەڕووی پرسیارێك دەبێتە هۆی دروست بوونی گریمانەیەك و پاشان سەرەتایەك بۆ دروست بوونی تیۆرێکی نوێ ، ئەم تیۆریانەش فکر و عەقڵی توێژەر بەرەو ئاڕاستەیەك دەبەن کە هەوڵەکانی بۆ ناسینی ڕاستیەکان بەردەوام بێت ، دەرئەنجامی ئەم هەوڵانە دەبێتە هۆی داهێنان و نوێکاری .
2. ئەزموونی کەسی : مرۆڤ هەموو کاتێك پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری هەیە و کاریگەری لەسەر درووست دەکات کاریگەریشی لێ وەردەگرێت، چوارچێوەی ئەو بابەتانەی کە مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵیان دا هەیە لە بچوکترین تا گەورەترین ڕەهەند و لایەنەکان لە خۆ دەگرێت، هەموو ئەزموونە شەخسی و تاکەکەسیەکان لە خستنەڕووی بابەتێکی نوێ بۆ توێژینەوە کاریگەرن . وەکو ئەزموونی قۆناغەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر .
3. خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەی نوسراون : مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی و توێژەریش بە شێوەیەکی تایبەتی حەزیان بە خوێندنەوە هەیە ، خوێندنەوە دەرفەتی ئاشنابوون لەگەڵ بیر و ئەزموونی کەسانی دیکە دەڕەخسێنێت کەواتە خوێندنەوە ڕێگایەکە بۆ چوونە ناو خەزێنەی زانیاریەکان و چوارچێوەی زانستی مرۆڤ لە هەموو بوارەکان یان لە بوارێکی تایبەت. توێژەر بە خوێندنەوەی بەرهەمی کەسانی تر لەگەڵ ئەم بابەتانەی کە ئەوان بۆ توێژینەوە پێشنیازیان کردووە ئاشنا دەبێت و ئەگەر حەزی لەم بابەتانە کرد دەتوانێت لەسەریان توێژینەوە بکات .
4. سەرچاوە زارەکیەکان : وتووێژ لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر دەبێتە هۆی زیاد بوونی وشیاری و زانیاری ، هاوکاتیش دەبێتە هۆی زانینی نەزانراوەکان. سەرچاوە

زارەکیەکان بریتین لە لێدوان و وتووێژ و بەرنامەکانی تەلەفزیۆن ، سەتەلایت و ڕادیۆ و شریت ...هتد . مرۆڤ لە ڕێگای ئەم سەرچاوانە ڕووبەڕووی هەندێك بابەت دەبێتەوە کە دەتوانێت توێژینەوە لەسەریان بکات .

5. ئەو لایەنانەی کە خوازیاری توێژینەوەن : زۆربەی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبنەوە کەواتە بە شوێن ڕێگا چارەیەك بۆ کێشەکانیان دەگەڕێن بۆ ئەم مەبەستەش ڕوو لە توێژەران دەکەن وەکو :

A. دەوڵەتەکان : زۆرجار دەوڵەتەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان گەورەترین سەرچاوەی خستنەڕووی بابەتی توێژینەوەن . بۆ نمونە بۆ چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان وەکو تووش بوونی گەنجان بە مادده هۆشبەرەکان روو لە توێژەران دەکەن.

B. زانکۆکان و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی : توێژینەوە زانستیەکانی زانکۆ بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوە زانستیەکان لە جۆری حکومی تەمەنێکی درێژتریان هەیە. لە ئێستادا زانکۆکان بودجەیەکی تایبەت و دیاریکراو بۆ توێژینەوە تەرخان دەکەن . لە ڕاستیدا فەلسەفەی نوسینی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا ئەمەیە کە قوتابیان فێری توێژینەوەی زانستی ببن .

C. دامەزراوە تایبەتەکان ( ناحکومی ) : ئەم دامەزراوانەش بە مەبەستی ئەوەی زۆرتر گەشە بکەن کاری توێژینەوە ئەنجام دەدەن . ئەم دامەزراوانەش بەشێکی زۆری بودجەکەیان بۆ کاری توێژینەوە تەرخان دەکەن .

تێبینی :زۆربەی قوتابیان کاتێك دەیانەوێت بابەتێك بۆ توێژینەوە هەڵبژێرن دوودڵن کەواتە شتێکیان لا دروست دەبێت کە ئایا ئەم بابەتەی بۆ توێژینەوە دیاری کراوە وەکو پێویست گرنگە یان نا . ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ئەمەیە قوتابیەك کە بۆ یەکەم جار کاری توێژینەوە دەکات نابێت چاوەڕوانی ئەمە لە خۆی بکات کە بابەتێکی زۆرباش و بێ کەم و کورتی پێشکەش بکات، یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە ئەوەیە کە یارمەتی قوتابی بدات و بابەتەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە و لە بابەتێکی

ئاڵۆز و نادیار و فراوان بابەتێکی دیاریکراو و ڕوونی بۆ دەست نیشان بکات بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە مامۆستای سەرپەرشتیار یان هەر مامۆستایەکی دیکە بابەتی توێژینەوە بۆ قوتابی دیاری بکات .

----------------------------------------------------------------------------------------------------------

-----

***گریمانە :***

دروست کردنی گریمانە یەکێك لە قۆناغە هەستیارەکانی توێژینەوەیە چونکە گریمانەکان ڕۆڵی ڕێنیشاندەریان هەیە لە توێژینەوەی زانستی و ئاڕاستەی توێژینەوەکە دیاری دەکەن .

گریمانە یارمەتی توێژەر دەدات تا لە نێوان چەندین ڕێگە ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێت کە بۆ گەیشتن بە ئامانج ئاسانترین و نزیکترین ڕێگەیە . (ڤان دالێن) پێی وایە کە گریمانە وەکو بلاجیکتۆرێکی بەهێزە کە ڕێگەی بەردەم توێژەر ڕووناك دەکاتەوە .

بە مەبەستی تێگەیشتن لە گریمانە نمونەیەکی ڕۆژانە دەهێنینەوە : وای دابنێین کارەبای ماڵێك دەبڕێت و خاوەن ماڵەکە تووشی کێشە دەبێت ، پرسیاری یەکەم کە بۆ خاوەن ماڵەکە دروست دەبێت بریتیە لەوەی هۆکاری بڕانی کارەباکە چی بوو ؟ ئەویش بە پێی ئەو زانیاریانەی کە پێشتر لەسەر ئەم بابەتە بۆی دروست بوون ئەم چەند گریمانەی لەلا دروست دەبێت :

1. بۆی هەیە سەعاتی کارەبا تێکچووبێت .
2. بۆی هەیە وایەرەکانی کارەبا شۆرتیان کردبێت .
3. لەوانەیە وایەرەکان پچڕابن .
4. لەوانەیە مۆلیدەکە خراپ بوو بێت.

سەرچاوەی ئەم گریمانانە ئەو زانیاریانەیە کە پێشتر لەسەر بابەتی کارەبا بۆ ئەم کەسە درووست بووە ،ئەم کەسە یەکسەر دەست دەکات بە گەڕان بە شوێن هۆکاری بڕانی کارەبا و سەرەتا لە ئاسانترین ڕێگا دەست پێ دەکات ، بۆ نمونە لەوانەیە یەکسەر بڕوات سەیری

سەعاتی کارەباکە بکات تا بزانێت ئایا کێشەکە لە سەعاتی کارەباکەیە ؟ ئەگەر هۆکاری بڕانی کارەباکە سەعاتی کارەباکە بێت ئەوا کێشەکە چارەسەر دەکات ئەگەرنا بە شوێن هۆکارەکانی دیکە دەگەڕێت تا ئەو کاتەی کێشەکە چارەسەر دەکات و وەڵامێك بۆ پرسیارەکەی دەدۆزێتەوە .

ئەم نمونەیە کە باسمان کرد ڕێگەیەکی باش و ئاسانە بۆ ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن فێری توێژینەوەی زانستی ببن ،چونکە بە زمانێکی ئاسان شارەزای دروست بوونی پرسیار ، دانانی گریمانە ، شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان و ڕاست و هەڵە بوونی گریمانەکان دەبێت .

لە پێناسەی گریمانە دەتوانین بڵێین :

" وەڵامێکی کاتییە کە ڕاست و هەڵە بوونی دەخرێتە بەر تاقیکردنەوە" .

- ❖ دۆناڵد ئاری و هاوکارەکانی پێنج بنەمایان بۆ گریمانە دیاری کردووە کە بریتین لە :

1. گریمانە دەبێت بە باشی توانای ڕوونکردنەوەی هەبێت .
2. گریمانە دەبێت پەیوەندیەکی لۆژیکی لە نێوان بگۆڕەکان درووست بکات .
3. گریمانە دەبێت شیاوی تاقیکردنەوە و تاوتوێ کردن بێت کە ئەمە گرنگترین بنەما و تایبەتمەندی گریمانەیە واتا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاریەکان یان بە تاقیکردنەوە بتوانین گریمانەکان بسەلمێنین یان ڕەتی بکەینەوە .
4. گریمانە دەبێت لەگەڵ چوارچێوە زانستیەکان بگونجێت و لە دژی نەبێت .
5. گریمانە دەبێت بە ڕوونی و بە وردی بخرێتە ڕوو لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی ئاسان بێت .

لە بیرمان نەچێت ئەگەر لە توێژینەوەکەمان جگە لە پرسیاری سەرەکی پرسیاری لاوەکیشمان هەبوو ئەو کات لە گریمانەش بە هەمان شێوە دەبێت گریمانەی سەرەکی و گریمانەی لاوەکیمان هەبێت .

نموونە :

پرسیاری سەرەکی : سیاسەتەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەساڵانی 1914 تا 1930 چ کاریگەریەکی لەسەر عێراق دروست کرد ؟

پرسیاری لاوەکی : سیاسەتەکانی بەریتانیا لە عێراق چ کاریگەریەکیان لەسەر ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق دروست کرد ؟

گریمانەی سەرەکی : سیاسەتەکانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونە هۆی ناسەقامگیری سیاسی لە عێراق .

گریمانەی لاوەکی : سیاسەتەکانی بەریتانیا لە عێراق کاریگەریان لەسەر دروست نەبوونی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراق هەبوو .

**تێبینی :** مەرج نیە لە توێژینەوە پرسیار و گریمانەی لاوەکیمان هەبێت بەڵام ئەگەر پرسیاری لاوەکیمان هەبوو ئەو کات **دەبێت** گریمانەی لاوەکیشمان هەبێت .

❖ ***جۆرەکانی گریمانە :***

1. گریمانەی توێژینەوە : ئەمەش دەبێتە دوو جۆر (گریمانەی دوولایەنە - گریمانەی یەك لایەنە).
2. گریمانەی سفر یان ئاماری :

- گریمانەی توێژینەوە : بوونی جیاوازی ، لێکچوون یان پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان دەخاتەڕوو .

بۆ نمونە : لە نێوان ناسەقامگیری سیاسی و تیرۆر پەیوەندی هەیە.

- گریمانەی سفر یان ئاماری : بوونی جیاوازی ، لێکچوون یان پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان ڕەت دەکاتەوە .

بۆ نمونە : لە نێوان ناسەقامگیری سیاسی و تیرۆر پەیوەندی نیە.

- گریمانەی دوولایەنە : واتا چۆنیەتی جیاوازی ، کاریگەری یان پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان دیاری ناکات .

بۆ نمونە : زۆربوونی نرخەکان کاریگەری لەسەر پرسە ئابووریەکان هەیە .

لەم نمونەیە باسی پەیوەندی دەکات بەڵام جۆری پەیوەندیەکەی دیاری نەکردووە ، واتا دیاری نەکردووە کە ئایا نرخی نەوت کاریگەری لەسەر باشتر بوون یان خراپتر بوونی ئابووری هەیە . نمونەی دووەم : جەنگ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە .

- گریمانەی یەك لایەنە : چۆنیەتی جیاوازی ، کاریگەری یان پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان دیاری دەکات .

بۆ نمونە : زۆربوونی نرخی نەوت دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری وڵات . لێرەدا جۆری پەیوەندیەکەی دیاری کردووە . هەروەها لە نمونەی دوەم دەڵێین : جەنگ کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەیە . کە لەم نمونەش باسی چۆنیەتی کاریگەریەکە دەکەین کە جەنگ کاریگەری نەرێنی لە سەر کۆمەڵگە هەیە.

***بابەتی بگۆڕەکان لە توێژینەوەی زانستی :***

بگۆڕ بریتیە لە هەر شتێك کە بتوانێت چەند بەهایەکی جۆراوجۆر لە خۆ بگرێت یان چەمکێکە کە دوو یان زیاتر لە دوو بەها یان ژمارە وەربگرێت . بە وتەیەکی دیکە بگۆڕ بەو تایبەتمەندیانە دەوترێت کە دەکرێت پێوانە بکرێن، ببینرێن و دوو یا چەند بەها یان ژمارە لە جێگەیان دابنێین .

جۆرەکانی بگۆڕ بەپێی ئەو رۆڵەی کە دەیبینن : بگۆڕی سەربەخۆ و بگۆڕی گرێدراو (وابەستە ).

هەروەها کە پێشتر باسمان کرد بگۆڕی سەربەخۆ بگۆڕێکە کە گۆڕانکاری دروست دەکات و بگۆڕی گرێدراو یان وابەستە ئەو بگۆڕەیە کە گۆڕانکاری وەردەگرێت . بۆ نموونە:

ئاستی خوێندەواری دایك و باوك كاریگەری لە سەر چۆنیەتی پەروەردەكردنی منداڵ هەیە .

بگۆڕی سەربەخۆ : ئاستی خوێندەواری دایك و باوك

بگۆڕی گرێدراو (وابەستە) : چۆنیەتی پەروەردەكردنی منداڵ

نمونەی دووەم :

لە سیستەمی دیموكراسی دامەزراندنی پارتە سیاسییەكان ئاسانترە .

بگۆڕی سەربەخۆ : سیستەمی دیموكراسی

بگۆڕی گرێدراو : دامەزراندنی پارتە سیاسییەكان

بگۆڕی چەندایەتی : بگۆڕێكە كە لە ڕووی چەندایەتی دەگۆڕێت و ئەم گۆڕانكارییانە لە ڕێگەی ژمارە تۆمار دەكرێن . مرۆڤ توانیویەتی بۆ ئەم بگۆڕانە یەكەی پێوانەكردن و ئەندازەگرتن دیاری بكات . وەكو كێش ، باڵا ،تەمەن ،پێوانە كردن وەكو مەتر و كیلۆ مەتر .

بگۆڕی چۆنایەتی : بگۆڕێكە كە جیاوازیەكانی بەهۆی گۆڕانكاری چۆنایەتیە و بۆ تۆماركردنیان ڕێگاكانی دیكە جگە لە ژمارە بەكاردێت . بە وتەیەكی دیكە بگۆڕی چۆنایەتی بگۆڕێكە كە توێژەر توانای ئەندازە گرتنی نیە و تایبەتمەندیەكانی ناكرێت لە ڕێگەی ژمارە نیشان بدرێت و بۆ تۆماركردنی تایبەتمەندیەكانی ئەم بگۆڕە پیتەكانی ئەلفبا یان كۆد بەكاردێت . لەبەر ئەمە ناتوانین ئەم جۆرە بگۆڕانە ئەندازە بگرین . وەكو ڕەنگی پێست ، ڕەنگی پرچ ، ڕەچەڵەك ، ڕەگەز ... هتد .

...................................

1- بگۆڕی دووبەهایی : بگۆڕێكە كە تەنها دوو بەها یان ژمارە وەردەگرێت . وەكو ڕەگەز كە مرۆڤ یان نێرە یان مێ . هەروەها ژیان و مردن ، شارنشین و گوندنشین .
2- بگۆڕی چەندبەهایی : بگۆڕێكە كە زیاتر لە دوو بەها یان ژمارە وەردەگرێت . وەكو جۆرەكانی سیستەمی سیاسی : دیموكراسی ، پاشایەتی ، دیكتاتۆری ... هتد .

ئاستی خوێندەواری: ئامادەیی ، دیپلۆم ،بکالۆریوس ، ماستەر و دکتۆرا . هەروەها دین کە ئیسلام ،مەسیحی و یەهودی و ...هتد لە خۆ دەگرێت .